# پیشمەرگە سەروەرە

باوکی دانا

یەکێ لەسەروەریەکانی نەتەوەی کورد خەباتو پێشمەرگەیە هەردەم کورد شانازی پێوە دەکا تا مروڤ لەسەر زەویدا بژێت مێژو بنوسرێتەوە پێشمەرگە سەروەرو سەربەرزە وەک چیاکان بۆ نەوەکانی داهاتۆش رۆژانی پێشمەرگە بە نوسین و باس کردن کەس ناتوانی مافی خۆی پێبدا هەمۆ ئازارو هیواکانی پێشمەرگە لە ئاستی مروڤایەتیدا لە پلەی پێشەوەیە هەر کوردێک هەرکەسێک نکوڵی لە خەباتی پێشمەرگە بکات ئەوە هەستەکانی مروڤایەتی لە شوێنی خۆیدا نیە ..روژانێک بوو زۆر کەس بە هیوا بوو لە نزیکەوە پێشمەرگەیەک ببێنێ یان وینەیێک بگرێت لە گەل پێشمەرگەیەک ئەوکەسە خۆی بە بەختەوەر دەزانی و بە شانازیەوە باسێ پێشمەرگەی دەکرد زۆر جار رۆڵەکانی کورد تۆشی گرتن و ئازاردان دەهاتن تا ئیعدام کردنیش لەسەر یەک ووینەیەک دەبی پێشمەرگە چەند بەرزۆ سەروەر بی ..

خەڵکی گوندەکان سەرەرای هەمۆ هاوکاریەکیان بۆ پێشمەرگە هەر لە خەۆ خواردن خزمەت گوزاری گواستنەوە بە سەیارە تراکتور ماتۆر پیادە بەردەوامیش دەبۆنە نیرراۆ بۆ لای کەسۆ کاری پێشمەرگە نامە بردن و دابین کردنی پیوێستی پێشمەرگە زۆر جاریش دەستگیر دەکران ئەمانیش ئازارۆ ئەشکەنجە دەدران ئیعدام دەکران زۆریش لە خەڵکی گوندەکان کچی خۆیان پیشکەش دەکرد بەۆ پێشمەرگانە لەسەر ئەمەش تۆشی کیشە دەبۆن ئەم هاوکاریانە وای کردبۆ رژێمەکەی بەغدا گوندەکانو خەڵکی گوندەکانی لە بچۆکترین مافدا بێ بەش کردبۆ لە بارێ ئابۆری و خزمەتگوزاریدا وەک کارەبا قوتابخانە و پرۆژەی تەندرۆستی و کشتوکاڵیدا لە هەر گوندێکیش پێشمەرگە هەبوایە دەکەوتە بەر هەرەشەی سۆتاندن و رۆخاندن کۆمەڵی کەسیش لەۆ گوندانە شەهید دەکران پاش ئەم هەمۆ کارانە ئەوەبۆ ساڵی 1988 رژێمە عەرەبەکەی بەغدا بەبەرنامەیەکی تۆکمە ی کارەساتی ئەنفالی ئەنجام دا کە بووە هۆی وون کردنی 200 هەزار مرۆڤ تا ئێستاش بێ سەرۆ شۆینن وە کیمیا باران و ئاوارە بۆنی هەزاران کەس بەڵام بەداخەوە ئەنفالیش لە لایەن ئەو پێشمەرگانەوە دوو بەش کران کاتی دەڵێن 182 هەزار ئەنفال وە 8 هەزار بەرزانی ئەنفالکراۆ بۆ نالین 200 هەزار کورد ئەنفالکراوە مەبەست لەم جیا کردنەوەیە چیە ووڵام لاێ ئەو کەسانەیە کە وونبوەکانیشیان دوو بەش کردووە ......

لیرەوە جەند ئەو پێشمەرگانە توانیان چاکەو هاوکاری خەڵکی ئەو گوندانە بدەنەوە لە پاش ئازادی کوردستاندا ساڵی 1991 وەک پێشتر شەو رۆژ دەچۆنە ئەوماڵانە چەند جار سەردانی ئەو خەڵکەیان کرد لە راستیدا زۆر لەو پێشمەرگانە و کاربەدەستانە یەک لەسەر سەدی رابردۆ سەردانێ ئەۆ خەڵکانەیان ناکردو هاۆکاریشێانیان نە دەکرد زیاتر سەردانی ئەۆ ماڵانەیان دەکرد کە تا دۆینی دژی کورد بوون بەڵام کەسێکی ئەو گوندانە دەهاتن لەبەر دەرگای ئەوان دەوەستان رێگەیان پی نادرا هەر بیانبینن بەڵام هەر کاتی پێویستیان بەو خەڵکە بی ئەوە سەردانی دەکەن رِیزی لی دەگرن نمونەش لەبەر چاوە لەکاتی خوپیشاندان و دەنگدان بۆ حزبەکانیان ...........

پێشمەرگەش دابەش کراوە وەک پێشمەرگەی کون واتە ئەۆ پیشمەرگانەی خاوەن خەباتی سەختی ساڵانێکی زۆرن ئەمەش چەند بەشیکە وەک پیشمەرگەی دووای ئەنفال کە ناۆچەکانی کوردستانیان بەجینەهێشتە ئەمانەش زۆر کەمن بەپەنجەی دەست ئەژمیردرێن دیارە پاش ساڵی 1988 وە ئەو پیشمەرگانە کۆمەڵیکیان چۆنە ئیران دانیشتن یان کاسبێ یان دەکرد کۆمەڵیکیش بەرەو هەندەران

چۆن کومەڵیکیش چۆنە پاڵ رژیم بۆ سەربازی یان بۆنە چەکداری فەوجەکان مەفرەزە خاسەو کۆمەڵیکیش ئەنفالکرا .....

لە گەڵ ئەۆ پیشمەرگانەی بەرەۆ ئیران رۆشتن خەڵکانیکی زۆریش کەوتنە هاۆشانیان بەرەۆ ئیران ئەمانە کەسانێک بوون پیشمەرگە نەبوون لە ئیران بە حوکمی غەریبی تیکەڵاۆ بوون لەگەڵ ئەو پیشمەرگانە دیارە ئەم بەرێزانە ئەۆ 3ساڵەی ئێران کارێکی وا ئاسان نەبۆ لەووڵاتیکی نا دیموکراتی و مافی 12 ملیون کوردی پێشیڵ کردە .. ئەوە بۆ ساڵی 1991 راپەرین دەستی پێکرد ئەو کۆمەڵە پیشمەرگانەش هاتنەوە بەرەو کوردستانی باشور بۆ ووڵاتی خۆیان لیرەدا شتێک هاتە کایەوە هەمۆ دەسەڵاتێک دابەش دەکرا دەیان گۆت بۆ پێشمەرگەی کونە ئەوانەی یەک رۆژیش پیشمەرگە نەبۆن ناویان لینرابۆ پێشمەرگەی کۆن چونکە لەئیران بوون لەگەڵ ئەو بەریزانە ئەوە هەر هیچ حیسابی بۆ ریکخستن و پیشمەرگەی ڕاپەڕین ناکرا لە بوواری دەسەڵاتەوە بەڵام پاشان کارەکان زۆر بوون ئەوانیش کەم بوون دەسەڵاتۆ شوینیش بۆ ئەوان هەبۆ ..

شێوەیەکی ترێ پیشمەرگەێ کۆن لەۆ کەسانە پێک هاتبوون لە پاش ئەنفال سەر بە مەفرەزە خاسەو فەجەکانی خەفیفە بوون بەڵام پێش ئەنفال پێشمەرگە بوونە ئەۆ خزمەتەش هەمۆ وەک پیشمەرگەی کۆن حیسابیان بۆیان کرد بۆ مەسەلەی دەسکەوتەکان وەک زەۆی وەرگرتن و خانە نشینێ .....

((((((پێشمەرگەی راپەرین )))))) ئەمانەش چەند بەشێکن یەکێ لەۆ بەشانە پێک هاتبۆن لەۆ خەڵکانەی کاتی رژێمە عەرەبەکەی بەغدا ناویان نرابۆ خەفیفە ئەمانە زۆریان هەر بەۆ چەکۆ تەقەمەنیە بەشداریان کرد لە ڕاپەرین کۆمەڵیک لەمانە وەک خزمایەتی و عەشیرەتگەری لەگەل مستەشارەکان مانەوە ناوی نۆیان لی نرا فەوج+ لەشکر+ سوپا +سریەو ئامر سریە ..مستەشارەکان لە کاتی بەعس زیاتر ڕیزیان لیدەگیرا پارەی باشیش تەرخان دەکرا بۆیان دەسەڵاتیشیان هەبۆ ...

بەشێکی نۆیێ ئەو پێشمەرگانەی ڕاپەرین لەۆ خەڵکە دڵسوزانە پێک هاتبۆ کە پێش ڕاپەرین ئەۆ بووارەیان نەبۆ ببنە پیشمەرگە خەڵکیکی زۆر پاکیان تێدا بۆ لە هەمۆ ڕویەکەوە زۆریش دڵسوز بوون دوور بوون لە هەمۆ فیڵ بازی ۆ تەکەتولکردن ئەمانەش تا رادەیەک پشت گۆی دەخران ئەگەر خۆیان بە کەسیکەوە هەلنەواسیایە ..................

ئەم بەشەی پێشمەرگە زیاتر لەۆ کەسانە پێک هاتبون بەزورێ ئەو لاوانە بۆن کە پێش راپەرین بە هۆی کەمی تەمەنیان نەیانتوانیوە نە کاری ریکخستن بکەن نە پیشمەرگەش بن ئەمانە زۆر خۆین گەرم و دڵسۆز بۆن وایان دەزانی خەباتی ساڵەکانی شەستەکانە ئەوەندە دڵسۆزانە کاریان دەکرد هەمۆ هەوڵیان دەدا بۆ هەمۆ شەرەکان بچن ئیتر کورد کوژی بووایە دوژمن کوژی بووایە گرنگ ئەوە بوو شەر بووایە وە دەچۆنە ناۆ لیوا ء تایبەتەکان و شوینە گرنگەکانەوە کاربەدەستانیش ئەم جۆرە کەسانەیان پیۆیست یۆ تا بە ئارەزووی خویان گوشەیان بکەن زیاتر بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاشان حزب بە پلەی دووای بۆ کورد زۆر کاری نارەوا بەم دڵسوزانەوە دەکرا تا تۆشی دەیان کیشەی لا بەلا بوون ئەم دڵسوزانە کاتی بە ئاگا هاتن کار لەکار تەرازابۆ وەک دڵسوزانی تر بینیان هەمۆ ئەو خاین و خۆفروشانە وەک کاتی بەعس هەمۆ بونەوە کار بەدەست تیگەشتن لە کاربەدەستان کە بازرگانیان بە کوردەوە دەکرد بە ناوی کوردایەتیەوە ..ئەمانیش زۆر شتیان بۆ ناکرا گووایە پیشمەرگەی دووای ڕاپەڕینن

(((پیشمەرگەی تەرک ))) ئەم جۆرە کەسانە زیاتر لای کاربەدەستانەوە تەرک دەکران وەک ئەوەی خزمی خۆیان یان خزمی ژنەکانیان بوون یان دوست و دراوسی بوون بە ناوی حمایەوە دادەمەزران

ئەم جورە کەسانە لە جەند شوێنیک یارمەتیان وەردەگرت و دادەمەزران  بەڵام ئەو پیشمەرگانە ی بەردەوام دەوامیان دەکرد بە جەند مانگی جاریک یارمەتیان وەردەگرت .......

(((((کاربەدەستان و جەماوەر ))))سالانی شاخ ئەو پیشمەرگانە ئەوەندە بە پیرۆزی تەماشا دەکران تا رادەی تەقدیس کردن خۆ ئەگەر کەسیک باسی کەمۆ کورتیەکی ئەو بەریزانەی بکردایە  ئەوە خەڵک بروای وابۆ ئەمانە دەبی بکوژرین وەک کفری کردبی  کۆشتنیان حەلال دەکرا وەک تۆند رەوە ئیسلامیەکان ئەو کارە دەکەن  زۆر باسی بۆگەنی  کاربەدەستانی ناۆ شورش دەکرا بەڵام خەڵکی باۆڕی ناکرد ئەگەر پیشمەرگەیەک  جەکی دابنایە لە دڵسۆزی بۆ نەتەوەکەی  هەستی بەۆ کەمۆ کورتیە بکردایە ئەوە لە لایەن ئەو کاربەدەستانەوە هەزارۆ یەک شتی خەراپیان دەخستە پاڵی ..

تا ڕاپەرینە جەماوەریەکەی سالی 1991 ئەو راپەرینە ی زیاتر جەماوەر ئەنجامی دا بەڵام بەرهەمەکەی بۆ کۆمەڵی کەس بۆ ئەو حزبانەش  هەمۆ شتەکان بۆ خۆیان دەگیرنەوە  لێرەوە جەماوەر  ماهیەتی ئەو کابەدەستانەیان بۆ دەرکەوت کە جەند بۆگەنیان کردووە  ووتەیەکی کاک نەوشیروان هاتەوە یادم لەو کیتابانەی بلاۆی کردەوە دەڵی من زۆر زۆ زانیم مارکسیەت  بۆگەنی کردووە  راستە مارکسیەت پاش پەنجا ساڵ بۆگەنی کرد بەڵام خویان پاش جەند ساڵیکی زۆر کەم بۆگەنیان کردبۆ  دانیان پیدا نانا  تا ئێستاش خۆیان بە بۆگەن نازانن زۆری کاربەدەستان پێیان باشە هەمۆ خەڵک بۆگەن بی تا کەس نەتوانی  وایان پی بلێت هەر بەۆ کردەوانە تاکۆ ئیستاکە حوکمی جەماوەر دەکەن زۆر کەسی باشیان نابۆت کرد ئێستاکە ئەو کاربەدەستانە ئەو کەسانە لەخۆیان کۆ دەکەنەوە  کە کیۆرانە بە هەمۆ شتێکی ئەوان رازی بن خەڵکی نەفس نزم و بی شەخسیەت و کونە بەعسی و پیاۆ خەراپ و هەرکەسیکی  پاکیش نزیکیان بیتەوە  ئەگەر نەبیتە دەسکەلای خۆیان ئەوە زۆر زۆ ترۆی دەکەن بەزمانی خۆیان  ئەمان دەیانەوێ شێرازەی کۆمەلایەتی خەڵک تیک بدەن تا زۆرترین کەس لەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە

با چەند ساڵیک بگەرێینە دوواوە ئەو بەریزانە کە لە ئیران هاتنەوە  خاوەنی جێ بوون ئیستا خاوەنی چین برۆ باسی کاریک بکە لای ئەوانە کەبەرژەوەندی میلەتی تیدا بی پشت گۆی دەخرییت بەڵام باسی پرۆژەیەک بکە خۆشی بکە بەشەریک یەکسەر پشتگیری  مادی و مەعنەوی و یاسایی دەکات هیچ پرۆژەیەک بە بی بەشی ئەوان ئەنجام نادریت  ..........

((کاربەدەستانۆ  دەست پیسێ )) برادەریک ئەم رۆداوەی بۆ باس کردم لە شاری  چەمچەماڵ رووی داوە ووتی سالی 1992 کوریک بە ناۆی (( ر . ب )))زۆر دەست کورت بۆ هەڵسابۆ بە دزینی بزنیک  فرۆشتبۆی بۆ بژیۆی خۆی و ماڵەوەیان ئەو کاتە ئیش نەبۆ پێشمەرگە   یارمەتی نەبۆ بەڵام کاربەدەستان  لە پاڵ ئەوەوە رۆژانە گۆشتی ئاسکیان دەخوارد  ناۆ براۆ لە لایەن شیخ کەریمەوە  ((کەریم چاۆ رەش )) دەست گیر کرا  کاک کەریم لیپرساوی  پیشمەرگە بۆ لەو سنورە دونیا بەفر بۆ زۆر سارد  بۆ  بەفریش دەباری  ئەو کوڕەیان هینا بەبەر چاۆی هەمۆ خەڵکی چەمچەماڵەوە  لایەکی برویان تاشی + لایەکی سمیڵی + سەریان تاشی  خستیانە پشت پیکابیک بە ناۆ هەمۆ ئەو شارەدا گریان دەدا کەسیکیش بە دار لیێ دەدا ئەویش دەبووایە وەک بزن هاواری بکردایە خەڵکیش دەبوایە شتیان تی بگردایە  پاشان چەند مانگی بەند کراۆ  پارەی بزنەکەشیان لێ وەرگرت تا ئیستاکە ناوی نرا (( ر. بزن )) هەر لەو شارەدا سەدان دزی گەورەو  مافیای گەورە هەبۆ  هەر کەس بۆی نەبۆ باسیان بکات  لەسەر دزی دەبی چەند لەۆ کاربەدەستانە وەک  ((( ر .. بزنیان ))) لێ بکریت ........

کۆمەڵیک لەو پێشمەرگانە لە پاریزەری  خاک و نەتەوەوە گۆران بە داگیر کەرو توقینەری جەماوەر ..دیارە ئەم نوسینە ئەو پیشمەرگانە ناگریتەوە کە نمونەی مروڤ و مرۆڤایەتین وە بە

باکی خۆیان راگرتووه هەردەمیش سەروەرو سەربەرزن لە کوردستاندا هەرکەسێکیش پیشمەرگە لە بیر بکا واتە خۆی لەبیر کردووە دەبوایە ئەحزابی سیاسی کوردی هەمو پیداویستیکی ژیانی بۆ پیشمەرگەو کەسو کاری پیشمەرگە بکردایە تا ئەوانیش تۆشی ئەم نابوتیە نەبونایە هەر بەو پیروزیە بمانایە لە ناۆ جەماوەردا بەلام لیپرسراوانی ناۆ حزبەکان مەبەستیان بوو باریۍ کومەلایەتی ئەو پیشمەرگانە تیک بچیۍ تا بتوانن زۆر ترین کات وەک گەورەی ئەوان بميننەوە

سەربەرزی و سەروەری هەر بۆ پیشمەرگەیە سلاویش لە گیانی پاکی هەمۆ شەهیدان ئەم ئازادییە ڕەنج و خەباتی ئەوانە بەلام بکوژانی ئەوانیش تیدا دەژین هاورییانی ئەوانیش کۆمەڵیکیان بوونەتە پاریزەری ئەو بکوژانە پیشمەرگەش هەر سەروەرە .